# حسێن زارین: شانۆ نەک لە کوردستان، لە هەموو جیهان جەماوەری کەم بۆتەوە

هونەرمەند (حسێن زارین) یەکێکە لەو گەنجە دەرهێنەرانەی کە لەبواری هونەری شانۆ و دراما و کلیپ ناسراوە چ وەک نواندن و نوسین و دەرهێنانیش لەچاپێکەوتنی بۆ رۆژی گەل دا قسە لەسەر نوێترین کاری خۆی وەک کلیپ و کورتە فلیم دەکات.

*** دوای کارکردنێکی زۆر لەشانۆ ئێستا بەردەوام کاری کورتە فیلم دەکەیت بۆ؟**

_ شانۆ نەک لەکوردستان بەڵکو لەهەوو جیهاندا جەماوەری کەم بۆتەوە بەهۆی پێشکەوتنە تەکنەلۆژیاکانی سەردەم لەسەتەلایت و ئامێرە پیشاندەرەکانی تر، کارکردن لەشانۆدا پێویستی بەکاتێکی زۆر هەیە تاکو کاتی نمایشکردنی بەتایبەت لە کاتەشدا ئەگەر سەیربکەین لەهەموو کوردستاندا تیپە شانۆییەکان ناگەنە ژمارەکانی پەنجەی دەست کەچی زۆر بەئەستەم کارەکانیان بۆ بەرێوەدەچێت بەتایبەت کارە ئیداریەکان ئاشکراشە هەموومان یان زۆرینەمان لەشانۆوە پێگەیشتووین من خۆم (١٨) دەرهێنانی شانۆیم هەیە و زیاتر لە (١٥) دەقم کاری تیاکراوە کارکردنم لەکورتە فیلمدا دەگەرێتەوە بۆ چەند هۆیەک لەوانە کورتە فیلم فەزایەکی فراوانترو رەهەندی دوورتری تیا دەبینم و هەست دەکەم وێنەیەک دەتوانێ زۆرشت بکات کە لەشانۆجیاوازترە جگەلەوەی کە کورتە فیلمێک دەتوانرێ بەئاسانی بگاتە هەموو شوێنێکی جیهان بەڵام زۆر ئەستەمە تیپێکی شانۆ بجێتە دەرەوەی وڵات کەواتە دەتوانم لەرێگای کورتە فیلمەوە ئاسانترو کاریگەر ترو فراوانتر پەیامەکەم بگەیەنم بۆنموونە بەشداری شەش ڤیستیڤاڵی نێودەوڵەتیم کردوە لە( ئەڵمانیا، سوید، لەندەن، ئیتاڵیا، ئوستralیای ٢٠٠٧)م کردووە بەڵام لەرێگای شانۆوە ناتوانم بەشداری ئاوابکەم.



*** بەمدواییە کارت لەدەرهێنانی کلیپدا کردووە ئامانجتان لەم کارە چییە؟**

_ کارکردنم لەکلیپدا وەک پشویەکەو ئاسانتریشە لەکورتە فیلم لەبەرئەوەی ئەو بنەما زانستیانەی تیانیە کە لەکورتە فیلمدا زۆرجار دەبنە کۆسپ بەهۆی نەبوونی ئامێرە تەکنەلۆژیە پێشکەوتووەکانی فیلمسازی یان کێشەی ئەکتەرو لۆکەیشن دوای ئەوە لەکلليپدا گۆرانی بێژەکە یان خاوەنی بەرهەمەکە بەشێکی زۆری ئەرکەکان للەئەستۆ دەگرێت بێجگە لەوە ئەو کلیپانەی کردومن دەستخۆشیەکی زۆرم لێدەکەن و شارەزایانی بوارەکە پێیان زۆر باشە هەر ئەوەشەوای کردووە تشجیع بم و لەکاری ڤیدیۆ کلیپدا بەردەوام بم ئامانجیشم دەنەبڕانە لەکاری هونەری چونکە بەتەنها کورتە فیلم ناتوانێ ئاواتەکانم بێنێتەدی کەئەویش هونەرێکی پڕ پەیام و باش و جوانە.

*** پێت چۆنە کورتە فیلمەکان لەکەناڵەکان پیشان بدرێت؟**

_ بەڵێ زۆرباشە کورتە فیلمەکان لەکەناڵەکان پیشان بدرێت و هەر زۆریش پێویستە بەرنامەی تایبەت هەبن بۆ ئەم بابەتەو دەرهێنەرو ستافی کارکردن بانگهێشت بکرێن و بەچڕوپڕی باس لە بەرهەمەکە بکرێت لەیەکە پێکهێنەرەکانی و شێوازو پەیامەکەی هەر لەهەوڵێکدا لەگەڵ برای بەرێزم هونەرمەند ( ئەمیر تەها) هەولی ڤیستیڤاڵی ( مۆبی فیلم) مان دا کەلەبیرۆکەی ئەوەبوو ئەمەش لەپێناوی ئەوەی خەڵکێکی زۆرتر بەرهەمی کورتە فیلم ببینن ئەگەر لەرێگای مۆبایلیشەوە بێت هەروەها خەڵکێکی کەخاوەنژی کامێراو ئامێری مۆنتاژنیەو ئارەزووی کارکردنی هەیە دەتوانێت لەم رێگایەوە کاری خۆی بەێ کێشە ئەنجام بدات

**ئا/ باوکی تنۆک**



# نەجوە کەرەم نوێترین ئەلبوم بڵاودەکاتەوە

رۆژی چوارشەممەی رابوردوو کۆمپانیای رۆتانا بۆ بەرهەمی هونەری رای گەیاند کەدواین ئەلبومی نەجوەکەرەم بەناونیشانی ئیدا حەکی کەوتۆتە بازارەوە.

ئەم ئەلبومە نوێیە هەشت گۆرانی جۆراو جۆری لەخۆگرتووە کەزۆربەیان لەسەر شێوازی لبنانی دان، ژمارەیەک نوسەرو هونەرمەند هاوکاریان لەگەڵدا کردووە، عیماد شەمسەدین هۆنراوەو ئاوازی چوار گۆرانی بۆ داناوە، محمەد شەحادە، ئەلیاس ناسر، حسان منجدو وەسام ئەمیر کارەکانی دیکەیان بۆ تەواو کردووە

# کۆمپانیای چوار چرا دەکەوێتەوە کار

دوای ماوەیەک وەستاندنی بەشی بڵاوکردنەوەی کۆمپانیای چوارچرا، بەهۆی نەبوونی کۆمپانیایەکی هاوشێوە، نەبوونی یاسایەک بۆ پاراستنی مافی هونەرمەندان و هاوکاری نەکردنی کۆمپانیایەکە لەلایەن لایەنی پەیوەندیدار کۆمپانیای ناوبراو کارەکانی خۆی بۆ ماوەیەکی کاتی راگرت ئێستاش بۆ جاری دووهەم کۆمپانیای چوارچرا دەستی بەکارەکانی خۆی کردەوە بەشێوازێکی مۆدێرن و پرۆفیشناڵ بەرێوەبەری گشتی کۆمپانیای ناوبراو (عیرفان عبدالرحمن زەنگەنە) بۆ رۆژی گەل دواو ووتی: بەهۆی نەبوونی یاسایەک تیایدا مافی هونەرمەندان بپارێزرێت ئێمە کاری خۆمان راگرتبوو، دوای ئەوەی ئێمە چاوەرێی ئەوەشمانکرد کە لەرێگەی ئەنجوومەنی وەزیران یاداشتێک بدرێت بە پەرلەمانی کوردستان بۆ رێگری کردن لە کۆپی کردنی بەرهەمی هونەرمەندان، بەڵام بەداخەوە تائێستا ئەو کارە نەکراوە کەببێتە جێگەی دڵخۆشی هونەرمەندان و کۆمپانیا هونەریەکان ئێمە دووبارە دەستمان بەکارەکانی خۆمان کردەوە بەئامێری مۆدێرن پرۆفیشناڵ بۆ کاری مۆنتاژو کلیپی هونەرمەندان و دروستکردنی ئەلبومی شیعرو مۆسیقا کەجاری پێشوتر نەمان بوو، لەمانگی رابوردوو دوو کلیپی (چۆپی فەتاح) وێنەی بۆ گیراو، کلیپی (مینۆڤەر) گۆرانی بێژی تورک لەکوردستانی باکور وێنەی بۆ گیراوەو ئێستاش خەریکی کلیپی (شوان فوئاد ئەحمەد)ین، لەکۆتای قسەکانیدا ناوبراو دەستخۆشی لەرۆژنامەی (رۆژی گەل) کرد بۆ ئەم بەسەرکردنەوەیە.





## گەندەڵی، تاڵانی، تاوان

بەرپرسێک لە کۆبوونەوەیەکدا نیگەرانی خۆی لەهەمبەر ئەو رۆژنامانە پێشاندابوو کە باسی گەندەڵی دەکەن. ئەو پێیوابووە کە رۆژنامەکان و مێدیاکان درۆو دەڵەسە هەڵدەبەستن و دەیانەوێ سیمای ژیاری دەستەڵات و بەرپرسان ناشیرین بکەن! ئەو گوتوویەتی" لە هەموو وڵاتانی جیهاندا ژیانی بەرپرسان لە ژیانی خەڵکی ئاسایی خۆشترە، چونکە دەوڵەمەندترن!

یەکێک زۆر لاگیری لەو بەرپرسە دەکرد، دەوڵەمەندبوونی ئەوانی بە ئاسایی و سروشتی دادەنا، دەیگوت" سەیربکەن! میرو شێخەکانی کەنداو بە پێڵاوی بەرپرسانی ئێمە ناگەن، دەوڵەمەندن و کەسیش قسەیان پێناڵێ!!

ئەمرۆ دیاردەی گەندەڵی وەکو زۆربەی دیاردە دزێوەکانی دیکە باڵای کردووە، گەندەڵی لە تاڵانی تێپەڕی کردووەو بەرەو تاوانی نیشتمانی هەڵدەکشێ. ئاخر لە وڵاتێکی وەکو کوردستاندا کە زۆربەی هەرە زۆری بەرپرسەکانی بە گیرفانی بەتاڵەوە گەیشتنە سەر کورسی دەستەڵات، وڵاتیش لە ژێر گەمارۆی ئابووری نێودەوڵەتیدا دەژیا، رژێمی سەدامیش گەمارۆی دووەمی بەسەر کوردستان دا سەپاندبوو، حزبەکانیش داهات و گومرگەکانیان گل دەدایەوەو لەشەڕی نێوەخۆدا سەرفیان دەکرد، بەوهۆیەشەوە سێیەمین گەمارۆ بینەقاقای لە خەڵک گرتبوو، کار دەست نەدەکەوت، ئەی باشە ئەو پارەو سامانە زۆرە لە کوێوە هات؟! ئەی باشە ئەو تەلار و باڵاخانە و بازاڕو کۆمپانیاو ڤێللا و باخچەی مۆدێرن بەچی قوت کرانەوە ؟! ئەی باشە ئەو هەموو زێڕ و خشڵ و مۆنیکاو کەشخەیە چۆن پەیدا کران؟!

گریمان قسەی ئەو بەرپرسە راستەو نیگەرانیەکەشی لە جێی خۆی دایە و مێدیاکان بوختانیان پێدەکەن، خەڵکی رووتەڵەش ئیرەییان پێدەبەن!! بەڵام دەبێ بپرسین ئەو سەروەت و سامانە لەو ماوە کورتەدا چۆن کۆکرانەوە؟! ئەو هەموو کۆشک و تەلار و هۆتێل و ڤێللاو بەنزینخانەی هاوچەرخ و رەزو باخ و شتەکانی دیکە بەچی دروست کران؟! ئەو هەموو سەیارەو ناوماڵە نایاب و رازاوەیە چۆن بە مووچە کڕدران؟!

گەندەڵ کەسێکە کە دەستەڵاتی خۆی بە خراپ بە کار دێنێ و نارێکی لە حساباتی دا دەدۆزرێتەوە. دز کەسێکە کە بۆ بژێوی خۆی و خێزانەکەی لە خەڵکانی دیکە دەدزێ. تالانچی ئەوانەن کە دەست بەسەر قوتی خەڵک دادەگرن، رێگەی ژیان لە دیتران دەبەستن و هەرچیان هەبێ لێیان دەستێنن، بەڵام تاوانبار کەسێکە کە ناپاکی لە گەل و نیشتمانەکەی دەکات. هەموو جۆرە ناپاکیەک بە گەل و وڵات سەر لە تاوانی نیشتمانی دەردێنێ.

ئەوانەی خۆیان بە دوژمن و ناحەزانی نیشتمان دەفرۆشن، ئەوانەی دەستەڵاتی خۆیان بۆ سامان کۆکردنەوە دەکار دەهێنن، ئەوانەی پۆست و پایە وەردەگرن و خزمەت بە گەل و نیشتمان ناکەن، ئەوانەی بەهۆی کورسیەکانیانەوە دیتران ناچار دەکەن کە بەشێک لە سەروەت و سامانی خۆیانیان پێبدەن، هەموویان ناپاکی لە نیشتمان دەکەن. ناپاکیکردنیش لە نیشتمان لووتکەی تاوانباریەو دەبێ رۆژێک لە رۆژان لێپرسینەوەی لێ بکرێ.

لە وڵاتی ئێمەدا دەگمەنن ئەوانەی سەرچاوەی داهاتی خۆیان بۆ خەڵک و رۆژنامەکان ئاشکرا دەکەن. هەموو ئەوانەی کە لە دوای راپەڕینەوە وەکو قارچک هەڵتۆقیقن، سەروەت و سامانیان کۆکردۆتەوە ئەگەر بوێرانە ئامادەبن کە سەروەت و سامانی خۆیان، سەرچاوەی داهاتی خۆیان بۆ خەڵک ئاشکرا بکەن، لەو تۆمەتانە هاوێر دەکرێن، بەڵام ئەوانەی گەندەڵیان گەیاندە تالانی، لەوێشەوە بەرەو تاوانی نیشتمانی دەڕۆن، دەبێ بناسێندرێن، دەبێ رێگەیان لێبگیرێ و ریسوا بکرێن.

**باوکی فلاد**



**کۆنە** موستەشارێک بە ناوی(م.ش) کە مانگانە پیاوماقولانە لە حکومەتی هەرێم وەردەگرێ لە پرسەیەکدا بە کادیرێکی حزبێکی دەستەڵاتداری گوتبوو" ئێوە زۆر غەشیم بوون بەدوای حزبی کوردی کەوتبوون، ژیانتان لە خۆتان تێکدابوو!! من ئێستا دە بە قەد مووچەکەی تۆ وەک پیاوماقولانە لە حکومەتی هەرێم وەردەگرم، مانگانە یەک ملیۆنیش لە حزبی بەعس وەردەگرم، حزبی بەعس ماوەو کاری رێکخستن دەکات!!"

**هونەرمەندێک** لەناو وەزارەتخانەیەکدا دەیگێڕایەوە، دەیگوت: رۆژێکیان کچێکی بەرچاو سەیارەکەی بۆ راگرتم و زۆر هەولیدا لەگەڵی سەرکەوم، دوایی کە نائومێد بوو، پرسی: مامۆستا پێمناخۆشە بە پێ دەڕۆیی،؟ ئەگەر دەتەوێ سەیارەت هەبێ من نامەیەکت دەدەمێ بۆ فلانە بەرپرس، ئەو دەتوانێ سەیارەیەکی باشت بە دیاری بداتێ. ئەو ناتوانێ لە قسەی من دەربچێ، چونکە پێویستی بە جەستەی من هەیە!! هونەرمەندەکە دەیگوت: پێم گوت خوشکم من بەوەی تۆ سەیارەم ناوێ و نانی وانەک ناخۆم!!

**ئەندامێکی** حزب کە لە حکومەت پۆستی باڵای هەیە دەیگوت: وەڵڵا لەم حکومەتەدا هیچ کارێک بەبێ واستە ناڕوات، بۆ دانانی سپلیت و گۆڕینی قەنەفەکانی ژوورەکەم هانام بۆ دوو سێ بەرپرس برد، ئەوسا بۆیان دابین کردم!

**ئەندامی** حزبێکی دەرەوەی دەستەڵات کە چوار ساڵ زیاترە رەزامەندی حکومەتی بۆ پێدانی زەوی هەیەو دەستی دەستی پێدەکەن، لەم رۆژانەدا بەرپرسێک پێیگوتبوو ئەگەر دەتەوێ ناوت بە پێشمەرگەی خۆمان بنووسین هەر ئێستا پارچە زەوێکی باشت بۆ دەستنیشان دەکەم، بەڵام دەبێ لە لیستی حزبەکەی خۆت دەرتبێنم و بتخەمە ناو لیستی خۆمان!!

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

ROJI GEL

Mob:07701398499 07301191497

ناونیشان: سلێمانی، گەڕەکی مشیراوا(رزگاری) نزیک گۆڕەپانی هونەر، نووسینگەی رۆژی گەل، ٠٥٣٢١٠٩٢٥٦

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
info@rpk93.org
rpk93@hotmail.com